# چەند پەیڤێک بۆ دلاوەر قەرەداغی

## هێمن مەحموود

هەمومان زۆر لەمێژە چاوەڕێی منالّی ئەو دەکەین تاوەکو منالّمان بکاتەوە، ئەو لەشارێکی زۆر دوورەوە هاتبوو، لەشارێک کە مرۆڤ لە حەژمەتی تەنهایی پەنا دەباتەوە بەر منالّی و شیعر..
ئەو کاتانەی دلاوەر بەربوە گیانی تەیرەکانی ئیسماعیل و هەڵیفڕاندن من هێشتا خوێندکاری ئامادەیی بووم، بیرمە شەوانی هاوینان لەگەڵ تەیرەکاندا دەرۆشتمە سەربان و بەدەم خوێندنەوەیانەوە تاوەکو بەیانی خەو دەیبردەمەوە.
سالّان هاتن وسالّان رۆشتن و گەورەیی منالّی پێ فڕیداینە جێگایەکەوە کە ونمانکردبوو، زستانیش تازە دەهات تاوەکو خۆی بەمالّدا بکات و چوار شانە..کفت و شەکەت لەژوری میوان دانیشێت، هەمومان سیاسەت و گەندەڵی و گەورەیی، تورە و تەنها و بێ تاقەتی کردبووین، کتوپڕ لەشارێکی زۆر دورەوە منالّێکی ناسک و پیاوێکی تەنها و شاعیرێکی خۆشەویست خۆی کرد بەشارەکەماندا و وتی وەرنەوە منالّینە گالیسکەکەم جێگای هەموتانی تیادا دەبێتەوە و سەرکەون تاوەکو کۆتایی دونیا، تا ئەوسەری پاکێتی دەتانبەم.
ئێمە هەمومان رۆشتین، بە شەونم و شەوبۆ و شەهلا و شیلان و شەیما وکچەکانی دیکەشەوە، تاسەر لێواری مردن پێکەنین،تا ئەوسەری بێدەنگی بێدەنگبوین، قاچمان خستبویە سەر قاچ و بێ باکانە قاوەمان دەخواردەوە و بەدزیشەوە جاروبارو کوڕ و کچە عەجولەکانمان سیگاریان دەکێشا.
ئەو ئێوارەیەی دلاوەر هات ئێوارەیەکی جیاوازبوو، هەمومان یارییەکانمان بڵاوکردەوە، جادەکانمان راخست، ئۆتۆمبیلەکانمان خستە ئیش، هەیوان و حەوشەو بەردوکانەکانمان شۆرد، تۆزێک بارانمان لەخۆمان داو بە ئەسپایی کێشامان بەشانی تەنهایدا، عاشقەکانیش هەموو لەوێ بون، دلاوەر کە بریندار بەلاّم خۆڕاگر، ماندوو بەلاّم بەئیرادە،تورە بەلاّم بێدەنگ، دڵ شکاو بەلاّم عاشق، لەمەنفاوە هات، دەستی راستی کردبوو بەگیرفانیدا و بەتەوقەیەکی گەرم یەکی نوقلّێکی بەشداین، کە ئەو هات ژیان سادەتر بوبەوە، شارەکەم هێشتا بۆنی بارانی لێدەهات، هێشتا تەڕ تەڕ هەناسەی دەدا.
سەعات سێ و چل وپێنج دەقیقەی ئێوارە هەمومان سواری گالیسکەکەی بوین کە هەر لێخوڕینی تەنها لەخۆی دەوەشێتەوە، بەخێرایی 140 بردینی بەرەو منالّی، هێندە خێرابوین

خودایە هەمومان دەترساین بکەوین و بمرین، کەچی ئەو بەپێکەنینێکەوە ئاوڕی لێدەداینەوە و دەیوت مناڵینە چاک خۆتان قایم بکەن، چاک خۆتان بگرن، ئەگەر ئێوەماندوبون من ماندونابم،وای خودایە ماندوبونی چی، ئێمە ترسمان بوو بمرین، ترسمان بوو ئەو خەوەی لێمان کەوت ئیدی خەبەرمان نەبێتەوە، کە ئیدی مناڵ بوینەوە جارێکی دیکە گەورە نەبینەوە.
پاش سەفەرێکی دژوار و بە ئازار و بەسەعاتێک، بە شەلاڵ و ئارەقەیەکی زۆرەوە هەمومانی گەیاندەوە جێگای خۆی، سەعات چوار و چلو پێنج دەقیقە وتی مناڵینە گەشتین، هەموتان دابەزن، جارێکی دیکە کە هاتمەوە هەناریشتان بۆ دەهێنم و بەدەستوپلێکی هەناراوییەوە لەقلەقێکی سپیتان پیشان دەدەم کە لەهەوای خۆیدا سەوڵ لێدەدا.
من دەبێت بڕۆم، مناڵینە سەفەرێکی خۆشبوو، ئێوارەیەکی خۆشبوو، مناڵینە من لەشارێکی زۆر دورەوە هاتوم، حەزمدەکرد لەلاتانبم، بەڵام ئاخر دەبێت بەم گالیسکەیەوە بگەمەوە لای دایکم چونکە نەخۆشە و دەبێت من لای بم، خەفەتیش مەخۆن من دەڕۆم، چونکە مناڵێکی زۆرم بۆ بەجێهیشتون تاوەکو هەرکاتێک تورەبون لەدونیا، رقتان لەگەورەیی هەستا، یاریی بکەن لەگەڵیاندا و بەدیار سیدیەکانتانەوەه گوێیان لێبگرن، مناڵینە ماڵ ئاوا..
ئێمەش بە نابەدڵی دەستێکمان بۆ بەرزکردووە و لەدڵەوە تێر تێر گریان، لەدڵەوە سوپاسمان کرد..سوپاس بۆ دلاوەر قەرەداغی کە مناڵی کردینەوە جارێکی دیکە..

- **بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری دەربەندیخان ئێوارەی 4/13 لەهۆڵی رۆشنبیری دەربەندیخان کۆڕێکی شیعری بۆ شاعیر دلاوەر قەرەداغی سازکرد..**